Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# شەوی رابردوو مەهاباد لە خۆپیشاندندا بوو و
# ئەمڕۆش دووکان و بازار داخراوە

لە درێژەی خۆپیشاندانەکانی رۆڵە بەشەرەفەکانی مهاباد، کە لە رۆژی یەکشەممەوە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە شەهیدکرانی کاك "سەید کەماڵ ئەسفەرەم" ناسراو بە "شوانەی سەید قادر"ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە مهاباد، دەستی پێکرد؛ شەوی رابردووش، مهاباد لە خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەربڵاودا بوو. خۆپیشاندانەکە لە گۆڕەپانی ئیستیقلالەوە دەستی پێکر و زۆربەی رێگا سەرەکییەکانی گرتەوە.

هێزەکانی ناسراو بە "ضد شورش"ی رێژیم کە لەم رۆژانەدا لە ورمێ و میاندواوەوە نێردراون، بە تەقە کردن حەولی بڵاوە پێکردنی بە خۆپیشاندەرانیان دا. بەڵام لاوانی راپەڕیوی مهاباد، بە بەرد و لەتە خشت و لە هێندێ قۆڵیشەوە بە تەقەی بەرانبەر، وەڵامی ئەو هێزانەیان داوەتەوە.

ئێستا کە ئەم راگەیەندراوە ئامادە دەکرێ، مەهاباد بە ناڕەزایەتی دەربڕین لە شەهید کرانی لاوی خۆشەویستیان شوانەی سەید قادر دووکان و بازاڕی داخستووە و لێرە و لەوێ کۆڕ و کۆمەڵێ لاوانی تووڕە دەبینرێ و ئەگەری دروستبوونەوەی خۆپیشاندانی دیکەش بە هێزە. لە لایەکی دیکەوە، هێزەکانی بە ناو "ضد شورش" بە شێوەیەکی بەربڵاو نێو شار دامەزراون، رێگاکانی هاتووچۆ بۆ دەرەوەی شار داخراون و جۆرە حکومەت نیزامییەك دانراوە و ژمارەیەکیش لە خەڵك گیراون.

بەڕێز کاك حسەین یەزدانپەنا، سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە پەیامێکدا بۆ خەڵکی مەهاباد سەبارەت بە هەڵوێستی شەرافەتمەندانەیان لە بەرانبەر شەهید کرانی تێکۆشەری چالاکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کاك شوانە دا، سوپاس و قەدرزانی پێشکەش کردن و سڵاوی ئاراستە کردن.

سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، داوای لە رۆڵە بە شەرەفەکانی مەهاباد کردوە لە دژی تاوانەکانی رێژیم و بۆردانی هێزە داگیرکەرەکان لە کوردستان درێژە بە خەبات بدەن و داوای لەخەڵکی شارەکانی دیکەی کورددستان کردوە، بە هانای خەڵکی مەهابادەوە بچن و خەباتێکی یەکگرتووی سەرانسەریی دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ راماڵینی هێزەکانی لە کوردستان رێکبخەن.

22/ پووشپەری/ 27005

13/ جولای/ 2005

www.ruk2691.com

کوردستان (ناوەندی) Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467

ئەمریکا Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389

ئوروپا Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157

ئادریس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەرەکی – 336مامۆستایان، ژمارەی خانوو (7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467